# خوای گەورە تەوبەی بەندەکەی قبوڵ دەکات هەتا نەگاتە دوا ساتەکانی ڕۆح دەرچوونی (دوا ساتەکانی سەرە مەرگی)

له عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە تەوبەی بەندەکەی قبوڵ دەکات هەتا نەگاتە دوا ساتەکانی ڕۆح دەرچوونی (دوا ساتەکانی سەرە مەرگی)».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورەی بەرز وشکۆدار تەوبەی بەندە قبوڵ دەکات؛ ئەگەر ڕۆح نەگاتە قوڕگی (نەگاتە کاتی سەرە مەرگ وڕۆح دەرچوونی)، ئەگەر ڕۆح گەیشتە قورگ (گەیشتە کاتی سەرە مەگ)؛ ئەوا لە پاش ئەمە تەوبە قبوڵ ناکرێت، وخوای گەورە سەبارەت بەم ساتە دەفەرموێت: {وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ} [النساء: 18]، واتە: {پەشیمانی وەرگرتن (تەوبە کردن) نیە بۆ ئەوانەی تاوانی زۆر دەکەن هەتا کاتی سەرە مەرگی یەکێکیان دێت دەڵێت: بەڕاستی من ئێستا تەوبەم کرد}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4315

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee